کۆڕی ئەمشەو ناڵەی دەف و شینی شمشاڵە

بە دەنگی بەهجەت یەحیا

نووسینی: ڕێبوار سیوەیلی

٢٠٠٢

بۆ ئەوەی لەگەڵ ئەم گۆرانییەدا پەیوەندی دروست بکەم، پێویستم بەوە نییە لە جەنجاڵیی شارێکدا بم یان لەناو شایی و زەماوەندێکدا، چونکە ئەم بەرهەمە لە تەنیاییدا دەدوێ، بەرهەمێکە لە دووری ڕیزەکانی هەڵپەڕکێ، لە دووری کۆنترۆڵی سەرچۆپیگر و لە دەرەوەی هەرە جۆرە جەنجاڵییەکی کۆمەڵیدا لەدایک بووە، بە گوێگرتنم لەم ئاوازە، یەکەم جار هەندێ کردەی بێئیرادە - وەک تیۆریی سایکۆلۆژیای ڕەفتار پێمان دەڵێ – سەر هەڵدەدەن؛ سەرم دەکەوێتە جووڵە، نێوچەوانم دێتەوە یەک و لێوەکانم دەکەونە بزووتن، ئاوازەکە دەبێتە بەشێک لە من و لەشی من دەبێتە پانتاییەک بۆ دووبارەبەرهەمهێنانەوەی تۆنەکان، وردەوردە لە چینەکانی سەرەوەی پێستەوە بەرەو قووڵییەکانی جەستە دام دەگرێ، لەوێدایە بیرەوەرییەکان هرووژمم بۆ دێنن، ئیدی خەو و بێداری، لەخۆچوون و ئارامبوونەوە بەسەر هەستی ئاکامدا زاڵ دەبن و پاشانیش دەحەوێمەوە، ئارام و لەسەرخۆ بەردەوام دەبم لە کارەکەمدا.

ئەو ڕەگەزە هونەرییەی لەم بەرهەمەدا بوارم بۆ دەڕەخسێنێ پەیوەندی بە لەشی خۆمەوە بەهجەت یەحیا بکەم و سەربەخۆیی خۆم بەدەست بێنم، هەرگیز دەقی گۆرانییەکە نییە، دەق لە گۆرانیدا بە هەمان

شێوە نییە کە لەسەر پارچەکاغەزێک دەبینرێ و دەخوێنرێتەوە، لە گۆرانیدا دەق ڕیزبوونی وشەکان نییە بەدوای یەکدا، بەڵکوو خۆبەدەستەوەدانی وشەکانە بۆ فەرمانەکانی گەرووی هونەرمەند لە ساتەوەختی کورتبوونەوە و درێژبوونەوەیاندا، هەروەها کە دەقێ توانای هەبوو ببێ بە گۆرانی، ئیتر پەیوەندییە دیارییەکەی خۆی بە ئێمەوە لەدەست دەدا، ئەو شیعرەی دوێنێ لەسەر الپەڕەکانی گۆڤارێ، یاخود لەنێو دیوانی شاعیرەکەیدا دەماندی، ئەمڕۆ بە هەوادا باو بۆتەوە، ئەو دەقەی لەسەر کاغەز ملکەچی خاڵبەندی و نیشانەکانی نووسینە، لە گۆرانیدا ناچارە بەپێی زرینگانەوەی تۆنەکانی مۆسیقا و سیستەمی هەناسەی هونەرمەند هەڵسوکەوت بکا، دەقێ، کە تا دوێنێ بە هۆی خوێندەواریمانەوە پەیوەندیی لەگەڵ دەبەستین، ئەمڕۆ بەتەنیا گوێگرتنمان بۆی، دەتوانین لەگەڵیدا بکەوینە پەیوەندییەوە، ئەو دەقەی جاران دەبوو بۆ تاقیکردنەوەی کۆتاییی ساڵ لەبەری بکەین و بە خوێندنەوەیەکی میکانیکییانە لە بەردەمی مامۆستادا خۆمانی لێ ڕزگار بکەین، ئەمڕۆ لەگەڵ دەنگی هونەرمەندێکدا دێتە گوێمانەوە، لە هەمووی گرنگتر، ئەو دەقەی پێشتر بە یاریدەی نیشانەناسی بەرهەمی نووسراوەوە لێمان دەکۆڵییەوە، دەبێ ئێستا بە یاریدەی نیشانەناسی دەنگ و موزیک لێی بکۆڵینەوە و هتد... دەقی گۆرانیەکەی بەهجەت بە پلەی یەکەم، دەقێکە لە کەشوهەوایەکی نۆستالۆژیدا، دەقێکە بەرەو شوێنێکم دەبا، کە تەنیاییی "من" تیایدا ونە، جۆرێکە یان خۆزگەیەکە بۆ بەستنەوەی

”من“ به ئەوانی ترەوە، بەاڵم ئەوەی سەرنجی من بۆ ئەم بەرهەمە ڕادەکێشێ، دەنگە، تێکەڵبوونی دەنگی مرۆڤە لەگەڵ دەنگی موزیک و ئاوازی گەروو لەگەڵ ئاوازی ئامێرە موزیکەکان، ڕۆحێکی ڕێنیسانسی لەم بەرهەمەدا ئامادەیە، بەو مانایەی هونەرمەندانی موزیکی سەردەمی ڕێنیسانس هەموو هەوڵێکیان بۆ ئەوە بوو، ئاوازی ئادەمی و دەنگی موزیک لێک نزیک بخەنەوە و دەنگی ئامێرە موزیکەکان تا سنووری بۆلوان لە دەنگی مرۆڤەوە نزیک بێ.

لەم بەرهەمەدا، دەنگی گەرووی هونەرمەند لە هەمان شوێنەوە دێتە بەرگوێ، کە دەنگی موزیکی بەدوای عەشقا لێ ئاوا دەبێ، ئامێرەکانی موزیک لە کاتێکدا بە هانای دەنگی هونەرمەندەوە دێن، کە ئیدی مەودایەک

بۆ جیابوونەوە نەماوە، مەودایەک، کە بتوانین لێوەی بێینە دەرێ و خۆمان لە جیهانی تۆن و وریتەی ئاوازەکان جیا بکەینەوە، هەر بۆیەشە کاتێک گۆڕانییەکە لە کاسێتەکەدا تەواو دەبێ، لە زەین و بیرەوەریی ئێمەدا بەردەوامی وەر دەگرێ، دەبێتە ڕاڕەوێ بۆ لێوەڕزگاربوونی یادەکانی ناوەوە، ژێر قووڵترین توێخی لەش، ئیدی لێرەوە بەئاوازبوونی لەش لەالیەن ئاگایی و ئاگاییمان لەالیەن نەریتەکانی کۆمەڵەوە هیچ مانایەکی نامێنێت، من لەو ساتانەدا نابینم، بەاڵم دەبینرێم. لەشی من درێژکراوەی لەشەکانی تر و جووڵەی ئەوان نییە، بەڵکوو پەیڕەوی ئەو فەرمانانە دەکا، کە ناوەوەم دژی بە قاڵبوونی لەشم لەسەر ئەم کورسییەی لەسەری دانیشتووم، لە دژی ئەو شێوازەی شوێنە گشتییەکان، شەقامەکان و سەر کورسیی کار و خوێندن بە لەشمی ڕەوا دەبینن، دەریان دەکا، ئیدی ”خود“ دەکەوێتە سەماکردن، لە ئاهەنگی سەربەخۆیی خۆیدا سەرچۆپی دەگرێ، لەش دەبێتە میوانی پایتەختی خۆی، خۆی دەبێتە پایتەخت.

سەرچاوە: کتێبی دیاردەگەرایی تاراوگە، ل١